# ٢٨ سی ریزکانی

دوو منداڵ بەرانبەر یەك دائەنیشن‌و چوار گوشەیێکی بە
دریژابی ئەم پەژاوە لە سەر زەوی دروست ئەکەن ، دوو ریز بە
ناوە ـ استی ئەم چوار گوشەیەدا ئەکیشن ، ئەبێ بە چوار گوشەی

وەكوو یەك . هەریەكە لە منداڵەكان سێ بەردی یەك ڕەنگ بۆ خۆی كۆ ئەكاتەوە بە مەرجێ ڕەنگی بەردەكانی هەریەكێكیان لە گەڵ بەردەكانی ئەوی‌تر جیابێ .

هەر یەكێكیان بەردەكانی ئەخاتە سەر دێژەكانی ئەم چوار گۆشانە . بە مەرجێ هەر بەردێ بكەوێتە سەر گۆشەییكی ئەم چوار گۆشانەداو بەردەكانی هەر یەكێكیان لە سەر یەك دێژ ڕیز نەبێ .

جا هەر یەكەیان هەوڵ ئەدا بەردەكانی لە سەر یەك دێژ ڕیز بكا ، ئەوی تریش ڕێگای ئەگرێ‌و هەوڵی ڕیزكردنی بەردەكانی خۆی ئەدا . پێویستە هەر یەكەیان كە بەردەكانی خۆی یەكە یەكە لە جێگاییكدا ئەگوزێتەوە بۆ جێگاییكی‌تر لە سەر هیچ بەردیكی منداڵەكەی‌تر باز نەدا ، واتە كە بەردیكی ئەوی بكەوێتە پێش ناتوانی بەردەكەی خۆی بۆ لای ئەویان بیا جا بۆ لاییكی‌تری ئەگوزی‌و بە نورە هەر جارەی یەكێكیان بەردیكی ئەگوزێ .

هەر یەكێكیان لە پێشا بەردەكانی خۆی لە سەر یەك دێژ ڕیز بكا ئەو سەر ئەكەوێ‌و لە سەریەوە دەس بە یاری‌یەكە ئەكەنەوە .

❖❖❖❖